# ولآتی جوانستان

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی: خورماتوو
abdulagermiki@hotmail.com

**لەپڕ لەدەرگای ژورەکەی دەدا هەستم بە ترسێکی زۆر کرد تا دەهات و لەگەڵ لێدانی دەرگاکەدا دەڵی منیش زیاتر لێی دەدا خەریکبوو "زالەم" بتەقێ بۆیە ناچار بووم. هەستام دەرگاکەم کردەوە. بینیم بینیم ئەو کەسەیە کە لەچاوەکانم زیاتر شیرینە لام ئەو مرۆڤەیە کە تاقە مرۆڤە لەدڵمدا خۆشیم دەوێ بێ ئەندازە لە ئەستێرەکان لەمانگ لەجوانیەکانی ولآتی جوانستان کە لەمێژەوە نەمبینیوە. ئەو ئینسانەیە کە خۆشم دەزانم لەراستیدا بوینەتە کۆیلەی یەکتر. بۆیە باوەشێکی توندم پێیدا کرد وامدەزانی ئیتر دونیا هی خۆمە، چونکە خۆشەویسترین خۆشەویست لەباوەشمدا بوو. هەرچەندە لەم نیشتمانەی ئێمەدا کاتێك دوو رەگەزی جیاواز بەیەك بگەن. دەڵێن "بەنزین و ئاگر"،بەلآم بێ گوێانە ئەو هزرانە باوەشمان بەیەکدا کرد، ئەوەشم بەبیر دێ دانیشتن و باسمان لەرۆژانی رابردوو کرد. باسیشمان لەسەردەمی منداڵی کرد، چونکە گەلێك یادگاریمان هەیە ئەو کاتانە. هەرچەندە چەند ساڵێك بوو یەکمان نەبینیبوو. بەلآم ئەو کاتە دوابەدوای یەکتربینینمان لەیاد چوو ئەوەی پێ بلێم. کاتێك هەناسەی دەدا بۆنی عەتری لێ دەهات. بەلآم ئەوەی کە زۆر منی نیگەران کردبوو ناوبەناو دەیگوت دەڕۆم پەلەمە دەبێت بگەمە ولآتی جوانستان. سەرەڕای ئەوەی ولآتی جوانستان زۆر نامۆ بوو لام، بەلآم هۆگری من بۆ ئەو. ئەو بۆ من. ئەو پرسیارەم لەیاد چوو لێی بکەم، زۆۆۆۆر لێ پاڕامەوە کە زوو زوو بێتە سەردانم، چونکە ئەم چێگەیەی من وەك زیندانە، چونکە وەکو فریشتە بوو بۆ من. هەر بۆیە ئەو دەمەی ماڵئاوایی لێ کردم یەك لەسەر یەك دەیگوت بەنیازی دیدار، ئەمیش هێدی هێدی هەنگاوی دەناو دەرۆیشت. منیش بە بەردەوامی دەگریام تا وام لێ هات دەنگم بەرز کردەوە زۆر بە دەنگێکی بەرز هاوام دەکرد و دەگریام. بۆیە زۆر بە پەلە گەیشتە ئەو ژورەی کە لێ دەنوی ووتی کچم بۆ دەگری بۆ هاوار دەکەی. لەولآمدا گوتی خەوم بینی..**